)دەیویست چیرۆکەکەی‌پێتەواو بکات :چاوەکانی زاق زاق سەیریان ئەکرد وەك ئەوەی  بارگاوی کرابێت بەهەستی بیستن ,چاوێکی نائاسای بو گەورەترو کراوە ترلەهەرچاوێکی تر دەیویست ئەو وردە کاریانە ببیسێت کەدورنیە زانینیان خۆریش خوێناوی بکات  ,دەمزانی هەزاران پرسیار خۆی تیامەلاس داوە دەربارەی باوکی ,.....دواهەمین وشە کەئەو لێی بیستبێت,دواهەمین ئاخ کە دەشێت ئەو دژمنانە لێیان بیستبێت بە زیندویی هاتنە سەر لاشەکەی    ,دواساتی شەڕەکە  .....نەی دەویست شەرمەزاری پرسیارەڕوگیرەکانی بێ ,کەپێی دەوت وابو ,واکرا ,لەوێبو ,ئێمەپێشتر لێماندان  ,هێرشەکەمان,......ئەو هەردەیویست قولتر بچێتەناو زنجیرەی ڕوداوە کانەوە ,دەیویست باشتر ئەو ئاگرە بناسێت کەلەوانەیە بۆهەتاهەتایە پشکێکی هەرئەم بسوتێنێت .

نائومێدانەپشتی‌بەکورسیەکەیەوەداو زەرد هەلگەڕاب ولەداخی جێهێشتنی حەکایەتخوانەکەی ,دواپرسیاری کە کوتەکوتە وبەمەیشتویی‌پیتەکانی لەسەرلێوداهەلوەریبوەخوارەوە بەشوێن وەلامەکانیدا ئەگەڕا......ئەگەڕاو.....هیچی‌دەستگیرنەئەبوو...ئەگەڕاو...

..........................................................................................

تیبینی/  لەدوا  ژمارەی گۆڤاۆی  ئایتدە ئەم چیەۆکە بلاوکراوە یەوە